# قوتابخانەی بنەڕەتی لە نەرویج

**Kurdisk sorani**



**قوتابخانەی بنەڕەتی لە نەرویج ..... 3**
قوتابخانەی گشتی بەخۆڕاییە ..... 3
نەچوونەوە و مۆڵەت وەرگرتن ..... 3

**بەها گرنگەکانی قوتابخانەی نەرویجی ..... 4**
هەموو قوتابیان دەبێت لە قوتابخانە ئاسوودە و هەست بە دڵنیایی بکەن ..... 4
ڕەوشت و ڕەفتار ..... 5
دەبێت هەمان هەل و دەرفەتی خوێندن بۆ هەموو قوتابیان برەخسێندرێت ..... 6
خوێندن و فێرکردنی گونجێنراو ..... 6
وانەی تایبەت ..... 6

**هاریکاری نێوان ماڵەوە و قوتابخانە ..... 6**
هاوکاری لەسەر ئاستی نیشتیمانی ..... 7
هاوکاری لەگەڵ قوتابخانەدا ..... 7
هاوکاری سەبارەت بە منداڵەکەت ..... 8
گفتوگۆی گەشەپێدان و پێشخستن ..... 9
ئەرکی نهێنی پاراستن ..... 10
موتەرجیم/وەرگێڕ ..... 10

**کۆسەرچاوەکانی پلانی خوێندن ..... 10**
بەشە سەرەکیەکەی کۆسەرچاوەکانی پلانی خوێندن ..... 10
پلانی خوێندن بۆ وانەکان ..... 11
هەڵسەنگاندن ..... 11

**قوتابیانی خاوەن زمانێکی دایکیی جیاواز لە زمانی نەرویجی ..... 12**
خوێندنی تایبەتی زمانی نەرویجی ..... 12
خوێندنی وانە جووت زمانی ..... 12
خوێندن بە زمانی دایک ..... 13
ڕەخساندنی هەلی سەرەتایی بۆ قوتابیانی تازە هاتوو ..... 13

**وانەخوێندن لە دەرەوەی پۆل و قوتابخانە ..... 14**

**ئەرکی کردنی وانەکانی قوتابخانە لە ماڵەوە ..... 15**

**کاتی دەستبەتاڵیی قوتابی ..... 15**
سیستمی پێش و پاش خوێندن لە قوتابخانە (SFO) ..... 15
چالاکییەکانی کاتی دەستبەتاڵی ..... 16
یادی جەژنی لەدایکبوون ..... 16

**ڕێنمایی و بەردەوامی لە خوێندن ..... 17**
مافی ڕێنمایی پەروەردەی کۆمەڵایەت ..... 17
ڕێنماییکردنی خوێندن و پیشە ..... 17
گواستەنەوە بۆ قوتابخانەی ئامادەیی ..... 18

## قوتابخانەی بنەڕەتی لە نەرویج

قوتابخانەی بنەرەتی لە نەرویج ماوەی دە ساڵ دەخایەنێت و بەسەر قوتابخانەی سەرەتایی و قوتابخانەی ناوەندیدا دابەش دەبێت. قوتابخانەی سەرەتایی بۆ حەوت ئاست یاخود پۆل دابەش کراوە، ئاستی/پۆلی ١-٧. قوتابخانەی ناوەندی بۆ سێ ئاست/پۆل دابەش کراوە، ئاستی ٨-١٠. منداڵ لەو ساڵەدا کە تەمەنی شەش ساڵی پڕ دەکاتەوە دەچێتە بەر خوێندن و لە پۆلی یەک دەست پێدەکات و هەر ساڵ دوای پشووی هاوینە دەچێتە قۆناغێکی خوێندنی بەرزتر.

ساڵێکی خوێندن لە ناوەڕاستی مانگی ئاوگوستەوە دەستپێدەکات هەتا دەوروبەری ٢٠ی مانگی جوون (مانگی شەش). لە "ساڵنامەی قوتابخانەدا" ئەو ڕۆژانە دەبینیتەوە کە منداڵەکان لەو ساڵی خوێندنەدا پشوویانە و ناچنەوە قوتابخانە. ئەو ساڵنامەیە دەتوانیت لە قوتابخانە وەربگریت یان لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی شارەوانیدا بیدۆزیتەوە.

### قوتابخانەی گشتی بەخۆڕاییە

لە نەرویج قوتابخانەی حکومی و قوتابخانەی ناحکومی/ئەهلیش هەیە. شارەوانی بەپرسە لە قوتابخانە حکومییەکان کە بۆ هەمووان بە خۆڕاییە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە وانەخوێندن و کەرەسەتەکانی خوێندن و سەرجەم چالاکییەکانی تر کە بەشێکی پرۆسەی خوێندن و فێربوون بە خۆڕایین. گشت ئەو منداڵانەی لە تەمەنی بەزۆرخوێندن (خوێندنی ئیلزامی)ی قوتابخانەدان، مافیان هەیە بچنە قوتابخانەی بنەڕەتیی حکومی. تەمەنی بەزۆرخوێندن لە تەمەنی شەش ساڵییەوەیە هەتا شانزەساڵییە.

### نەچوونەوە و مۆڵەت وەرگرتن

لە نەرویج گشت ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنی بەزۆرخوێندندان ئەرکی سەرشانیانە کە بچنە خوێندنی بنەڕەتی. واتا لە هەموو ڕۆژەکانی قوتابخانەدا دەبێت لە قوتابخانە و وانەکاندا ئامادەبن. دایک و باوکان بۆیان نییە خۆیان بڕیار لەوە بدەن کە قوتابییەکە کەی بچێتە قوتابخانە و کەی نەچێت.

هەموو ڕۆژێک قوتابخانە ناوی قوتابییە هاتوو و نەهاتووەکان تۆمار دەکات. ئەگەر قوتابییەک نەخۆش کەوت و نەیتوانی بچێتەوە بۆ قوتابخانە، دایبابەکان دەتوانن لە ماڵەوە بیانهێڵنەوە و نەیاننێرنەوە بۆ قوتانخانە. دایبابەکان بەرپرسن لەوەی کە لە کاتی نەخۆشکەوتنی منداڵەکانیان قوتابخانە ئاگادار بکەنەوە. باشترە کە قوتابخانە پێش دەستپێکردنی وانەکان ئاگاداربکرێنەوە، خۆ ئەگەر قوتابییەکە بۆ ماوەیەکی درێژتر نەخۆش بوو، ئەوا دەبێت لەلای دکتۆرەوە مۆڵەتی نەخۆشی بهێنێت.

ئەگەر قوتابیەکە پێویستی بەوە بوو کە لە دەرەوەی ڕۆژانی پشوو ە کورت و درێژەکان نەچێتەوە بۆ قوتابخانە، دەبێت دایک و باوکی پێشوەختە داوانامەی مۆڵەت وەرگرتن پێشکەش بکەن و لەبارەی هۆکاری نەچوونەوە ڕوونکردنەوە بدەن. شارەوانی ئەگەر زانی داوانامەکە ڕەوایە، ڕەزامەندی دەردەبڕێت کە بۆ ماوەی تا دوو هەفتە مۆڵەت بدات.

ئەو قوتابیانەی سەر بە ئاین و باوەڕێکی دیکەن لە دەروەی باوەڕی کڵێسای نەرویجی مافی ئەوەیان هەیە کە لە ڕۆژانی پیرۆزی ئاین و باوەڕەکانیاندا مۆڵەت وەربگرن. دەبێت پێشوەختە بۆ ئەو ڕۆژانە داوای مۆڵەت پێشکەش بکرێت.



## بەها گرنگەکانی قوتابخانەی نەرویجی

بەهاکانی قوتابخانەی نەرویجی لەسەر مافەکانی مرۆڤ بونیادنراوە. نەشکاندنی بەهای مرۆڤ یەکێکە لەو بەها گرنگانەی کە دەبێت لە سەرجەم ئەو شتانەی لە قوتابخانەدا ئەنجام دەدرێت لەبەرچاو بگیرێت.

### هەموو قوتابیان دەبێت لە قوتابخانە ئاسوودە بن و هەست بە دڵنیایی بکەن

قوتابخانە دەبێت بە ڕێز و متمانەپێدانەوە قوتابی بگرێتە خۆی. بە هیچ جۆرێک نابێت قوتابیان ڕووبەڕووی جیاوازی و هەراسانکردن ببنەوە. دەبێت قوتابییان هەست بە وابەستەیی بە پۆل و قوتابخانەوە بکەن. سەرجەم کارمەندانی قوتابخانە دەبێت چاوێکیان لەسەر ئەوە بێت و دڵنیابن کە قوتابییەکان لە دۆخێکی باشدان. ئەگەر کارمەندێکی قوتابخانە زانی یان پێی وابوو کە قوتابییەک مۆبە و هەراسان کراوە، یاخود بە شێوەیەک لە شێوەکان لە دۆخێکی باشدا نییە، ئەوا دەبێت کارمەندەکە ئەم هەنگاوانە بنێت:

- ئەگەر گونجا، دەبێت یەکسەر هەوڵ بدات شکاندن و هەراسانکردنی قوتابییەکە بووەستێنێت
- بەڕێوەبەر ئاگادار بکاتەوە
- لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بکات بۆ ئەوەی بزانێت چی ڕووی داوە

ئەگەر قوتابییەک هەستی بە نائاسوودەیی و نادڵنیایی کرد، ئەوا بەڕێوەبەر بەرپرسە لەوەی کە پلانێک دابنێت و بڕیارنامەی کار دەربکات لەپێناو ئەوەی قوتابییەکە جارێکی تر لە قوتابخانە هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیایی بکاتەوە. ئەم هەنگاوە بە ئەرکی چالاکیی قوتابخانە ناودەبرێت.



## ڕەوشت و ڕەفتار

قوتابخانە ڕێنمایی تایبەتی بە ڕەوشت و ڕەفتارەوە هەیە کە قوتابیان دەبێت پابەند بن پێوەیان. لە قوتابخانەی نەرویجیدا لە ڕێگەی دیالۆگەوە کار لەگەڵ بابەتی ڕەوشت و ڕەفتاردا دەکرێت. ئەگەر قوتابخانە بزانێت قوتابییەک پەیڕەوی ڕێنماییەکان ناکات، سەرەتا لەگەڵ خودی قوتابییەکەدا قسە دەکات خۆ ئەگەر قوتابییەکە پاش ئەوەش هەر بەردەوام بوو لە شکاندنی ڕێنمایی و ڕێساکان، ئەوا قوتابخانە پەیوەندی بە دایک و باوکییەوە دەکات بۆ ئەوەی لەوە ئاگادار بن و بۆ ئەوەش کە لە ماڵەوە لە بارەی ئەو بابەتەوە قسەی لەگەڵدا بکەن. هەروەها دەشێت هەر پۆلێک ڕێنمایی تایبەت بە ڕەوشتی خۆیان هەبێت کە مامۆستا و قوتابییەکان پێکەوە لە سەریان ڕێکدەکەون. لەو ڕێنماییانەدا ئاماژە بەوە کراوە کە دەبێت لەناو پۆلدا چۆن ڕەفتار بکەن لە پێناو ئەوەی هەست بە ئاسوودەیی بکەن و هاوکات بە باشی فێرە خوێندن بن.

دەبێت هەمان هەل و دەرفەتی خوێندن بۆ گشت قوتابیان بڕەخسێندرێت

قوتابخانە دەبێت هەمان هەلی خوێندن و بەرەوپێشچوون بۆ گشت قوتابییان بڕەخسێنێت، بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە چ ڕەگەز و خێزان یان بیروبۆچوونێکن. قوتابخانە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە قوتابییەکان جیاوازن و دەبێت کەشێکی وا بخوڵقێنێت کە قوتابییەکان هەست بکەن بەشێکن لە قوتابخانە و کۆمەڵگە. پرۆسەی خوێندن و فێرکردن دەبێت زانیاری و حەزی فێربوون لای قتابیان بە درێژایی ژیانیان دروست بکات. قوتابخانە دەبێت یارمەتی قوتابییەکان بدات لەم شتانەدا:

- وەک مرۆڤێک گەشە بە خۆیان بدەن
- توانایان لە وانەکاندا پێش بخەن
- هەست بەوە بکەن کە بەشێکن لە کۆمەڵگە

### خوێندن و فێرکردنی گونجێنراو

سەرجەم قوتابییان دەبێت وانەی گونجێنراویان پێ بدرێت. قوتابیان ئاستیان جیاوازە و بە شێوەی جیاواز فێردەبن. هەربۆیە دەبێت قوتابخانە پرۆسەی فێربوونەکە بە جۆرێک بەڕێوەبەرێت کە هەموو قوتابییەکان بە باشترین شێوە سوود لە وانەکە ببینن.

### وانەی تایبەت

هەندێک لە قوتابییان پێویستییان بە وانەی تایبەت هەیە. ئەگەر دایباب یاخود قوتابخانە پێی وابوو کە قوتابییەکە بەباشی فێرنابێت، دەبێت قوتابخانە ئاسانکاری بکات بۆئەوەی قوتابییەکە وانەی تایبەتی پێ بوترێتەوە. خۆ ئەگەر ئەو هەونگاوە سوودی نەبوو، دەبێت قوتابخانە و بەشی خزمەتگوزاریی دەروونی-پەروەردەیی (PPT) بە هاوکاریی تۆی دایباب بیر لەوە بکەنەوە کە ئایا قوتابییەکە بۆ پێدانی خوێندنێکی باش و بەسوود پێویستی بە بڕیار و بەرنامەی کاری زیاتر هەیە . گرتنەبەری ڕێوشوێنی لەو جۆرە بە وانەی تایبەت ناودەبرێت. دەشێت وانەی تایبەت بۆ نموونە ئەوە بێت کە قوتابییەکە بەپێی ئامانجی فێربوونی دیکەی جیاواز لە قوتابییەکانی تر بخوێنیت، یان کەرەستەی فێربوونی دیکە بەکاربەرێت، وە یان لەلایەن مامۆستایەکی تایبەتەوە (لە کاتی وانەکان و کاتی پشووەکاندا) یارمەتی وەربگرێت.

## هاریکاری نێوانماڵەوە و قوتابخانە

لە یاسای خوێندن و فێرکردندا هاتووە کە قوتابخانە و دایبابان لە قوتابخانەی بنەڕەتیبەرپرسیارێتییەکی هاوبەشیان دەکەوێتە سەرشان لە پرۆسەی خوێندندا. ئەم هاریکارییە هەم لە سەر ئاستی نیشتیمانی و هەم لەسەر ئاستی یەک بە یەکی قوتابخانەکان بەڕێوە دەچێت.



### هاوکاری لەسەر ئاستی نیشتیمانی

دەزگا حکومییەکان سیستمێکی هەڵبژاردنی دایبابانی نیشتیمانی بۆ قوتابخانەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی بە ناوی (FUG) دامەزراندووە. FUG ڕێنمایی و پێشنیار بە ماڵ و قوتابخانە دەدات. هەروەها FUG لەو کەیسانەشدا کە تایبەتن بە هاریکاریی نێوان ماڵ و قوتابخانە ڕێنمایی بە دەسەڵاتدارانی حکومی دەدات.

### هاوکاری لەگەڵ قوتابخانەدا

دایبابان لە قوتابخانە بەشداری دەکەن لە هەڵبژاردنی دەستەیەکی هەڵبژێردراوی کار بە ناوی- دەستەی هەڵبژێردراوی دایبابان .(FAU) FAU لەگەڵ قوتابخانەدا هاوکاری دەکات و ڕێمنایی و پێشنیار بە بەڕێوەبەری قوتابخانە دەدات.

لە زۆربەی قوتابخانەکاندا نوێنەرێکی دایبابان بۆ هەر پۆلێک هەڵدەبژێردرێت. نوێنەرەکە بۆ ساڵێکی خوێندن هەڵدەبژێردرێت و دەبێت لەگەڵ مامۆستایانی پۆلەکەدا هاریکاری بکات. ئەو نوێنەرە بە ناوی سەرجەم دایبابانی پۆلەکەوە بەدواداچوون بۆ بابەتەکان دەکات.

هاوکاریی ناو پۆل

هەموو قوتابخانەکان لە دەستپێکی ساڵی خوێندندا کۆبوونەوەیەکی دایبابان سازدەدەن. زۆربەی قوتابخانەکان لە ساڵێکدا دوو کۆبوونەوەی دایبابان سازدەدەن و هەندێکیش زیاتر لە دووجار. کۆبوونەوەکانی دایبابان بۆ هەموو دایبابانی پۆلەکە کراوەیە. لە کۆبوونەوەکانی دایباباندا زانیاری لەبارەی

قوتابخانە و ساڵی خوێندن و ڕێوشوێنەکانی قوتابخانە دەدرێت. هەروەها لەو کۆبوونەوانەدا زانیاری دەربارەی ناوەرۆکی وانە و بەرنامە فێرکارییەکان و دەربارەی هەر شتێکی تر کە گرنگ بن و پێویست بن تۆی دایک یان باوک بیزانن پێدان دەدرێت.

لە کۆبوونەوەکاندا دایبابەکان دەتوانن بە یەکتری ئاشنا بن و یەکتری بناسن. ناسینی یەکتریی دایبابان بۆ منداڵەکانیش گرنگە، کە لە کاتی قوتابخانە و کاتی دەرەوەی کاتی قوتابخانەش پێکەوەن و پەیوەندییان هەیە.

### هاوکاری سەبارەت بە منداڵەکەت

دایبابەکان کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لە ژیانی چوونە قوتابخانەی منداڵاندا. زۆر گرنگە کە قوتابخانە و دایبابانی قوتابییان هاریکارییەکی باشی یەکتری بکەن، ئەمەش لە پێناو ئەوەدا کە قوتابییەکە لە خوێندنەکەیدا سەرکەوتووبێت. تۆ وەک دایک یان باوک پێویستە لە کۆبوونەوەی دایبابان و کۆبوونەوەی تایبەت بە منداڵەکەتدا بەشداری بکەیت. گەلێک گرنگە کە گرنگیپێدانی خۆت بۆ ژیانی ڕۆژانەی منداڵەکەت لە قوتابخانە پیشان بدەیت. جا لە پێناو ئەوەی قوتابخانە کارئاسانی باش بۆ منداڵەکەت بکات، گرنگە کە ئەو زانیارییانەی لەبارەی منداڵەکەتەوە هەتە لەگەڵ قوتابخانەدا بەشی بکەیت.

### بە چ شێوەیەک دەتوانیت گرنگیپێدانی خۆت بۆ ژیانی ڕۆژانەی قوتابخانەی منداڵەکەت دەربڕیت؟

تۆ وەک دایک یان باوک گەلێک شت هەن کە دەتوانیت بیانکەیت بۆ پیشاندانی  ئەوەی گرنگی بە چوونە قوتابخانەی منداڵەکەت دەدەیت. تۆ دەتوانیت:

- لەگەڵ منداڵەکەتدا قسە بکەیت سەبارەت بەوەی لە قوتابخانە چی دەکات و چی فێر دەبێت
- کات دیاری بکە بۆ ئەوەی منداڵەکەت ئەرکەکانی قوتابخانە لە ماڵەوە ئەنجام بدات
- کاتێک منداڵەکات پێویستی بە یارمەتی دەبێت لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی قوتابخانە، ئامادە بە بۆ یارمەتیدانی.
- لەو چالاکییانەی قوتابخانە ڕێکیان دەخات بەشداری بکە
- کاتێک پرسیارێک یان پێوستییەکت هەبوو پەیوەندی بە قوتابخانەوە بکە.



## گفتوگۆی گەشەپێدان و پێشخستن

گفتوگۆی گەشەپێدان و پێشخستن کۆبوونەوەیەکە لەنێوان قوتابی و دایباب و مامۆستای ڕابەری پۆلدا. لەو کۆبوونەوەیەدا قوتابی و دایباب و مامۆستاکە دەربارەی دۆخی قوتابییەکە لە قوتابخانەدا قسەدەکەن. ئامانج لەم گفتوگۆیە ئەوەیە کە قوتابخانە و دایبابان بە چ شێوەیەک هاوکاری یەکتری بکەن بۆ پشتگیریکردن و پێشخستنی توانای قوتابییەکە لەڕووی فێربوون لە وانەکان و لە ڕووی سۆسیالیشەوە. ئامانجێکی تری گرنگ ئەوەیە کە ڕێگەیەک ببیننەوە بۆ ئەوەی کە قوتابییەکە چۆن خۆی بتوانێت بە باشترین شێوە بخوێنێت و فێربێت.

قوتابی و دایبابەکان لانی کەم لە ساڵێکی خوێندندا دووجار لە کۆبوونەوەی گفتوگۆی گەشەپێدان و پێشخستنندا ئامادە دەبن. پێش چوونە کۆبوونەوەکە گرنگە کە لەگەڵ منداڵەکەتدا پێکەوە بدوێن. بیرکەرەوە لەوەی کە ئایا پرسیارت هەیە ئاراستەی قوتابخانەی بکەیت. هەروەها قوتابخانە ئەرکی سەرشانیەتی کە ئەگەر پێویست بکات لە دەرەوەی کۆبوونەوەکانیشدا پەیوەندیت پێوە بکات.

دەکرێت کۆبوونەوەی گفتوگۆی گەشەپیدان و پێشخستن لەنێوان دایباب و مامۆستادا بێ ئامادەبوونی منداڵەکە ئەنجام بدرێت.

### ئەرکی نهێنی پاراستن

هەموو ئەوانەی لە قوتابخانەدا کاردەکەن ئەرکی پاراستنی نهێنییان لەسەر شانە. ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەوان ناتوانن ئەو زانیارییە تایبەتییانە لەبارەی تۆوە یان منداڵەکەتەوە لەرێگەی کارەوە وەریانگرتووە بیگەیەنن بە خەڵکانی تر. ئەوی سەرپێچی لە ئەرکی نهێنی پاراستندا بکات رووبەڕووی سزا دەبێتەوە.

١. ئەگەر منداڵەکەت پێویستی بە یارمەتی یان پشتگیریکردن لە کەسانی دەرەوەی قوتابخانەوە هەبوو، دەتوانیت ڕەزامەندی بە قوتابخانە بدەیت کە زانیاری پێویست بە ئەو/ئەوانە بدات کە یارمەتی منداڵەکەت دەدەن. پێدانی ڕەزامەندی لەلایەن تۆوە بەو مانایە دێت کە تۆ ڕێگە بە قوتابخانە دەدەیت زنایاری لەبارەی منداڵەکەتەوە بە کەسانی تر بدات. تۆ و قوتابخانە لەسەر ئەوە رێک دەکەون کە دەبێتچی بوترێت و چی بدرێت. ئەو ڕەزامەندی پێدانە بۆ کاتێکی دیاریکراوە و دەتوانیت هەر کات بتەوێت ڕەزامەندییەکەت بکشێنیتەوە.

٢. ئەگەر قوتابخانە بیانوویەکی هەبوو و پێی وابوو منداڵێک ڕووبەڕووی خراپ بەخێوکردن بۆتەوە یا مەترسی ئەوەی لەسەرە کە تووشی لێدان بێتەوە، ئەرکە لەسەر قوتابخانە کە منداڵپارێزی ئاگاداربکاتەوە.

### موتەرجیم/وەرگێڕ

گرنگە کە قوتابخانە و دایبابان پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ و باشیان لەگەڵ یەکدا هەبیت و لەیەکتر تێبگەن. هەندێک جار پێویست بەوە دەبێت کە موتەرجیم بەکاربهێنرێت. هەم ئێوە و هەم قوتابخانەش دەتوان داوای موتەرجیم بکەن. ئەگەر ئێوە بۆ نموونە پێویستان بە موتەرجیم بوو بۆ کۆبوونەوەی دایبابان، دەبێت پێشوەختە قوتابخانە ئاگاداربکەنەوە. دەبێت داواکردنی موتەرجیم و پارەدانی موتەرجیم لە ئەستۆی قوتابخانەیە. موتەرجیمکەش ئەرکی نهێنی پاراستنی هەیە. رێگە پێدراو نییە کە منداڵ وەک موتەرجیم بەکاربهێنرێت.

## کۆسەرچاوەکانی پلانی خوێندن

یاسای خوێندن، خوێندن لە قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان بەرێوەدەبات، و کۆسەرچاوەکانی پلانی خوێندنیش، ناوەرۆکی خوێندن بەرێوە دەبات. کۆسەرچاوەکانی پلانی خوێندن، لە بەشێکی سەرەکی و پلانی تایبەتی خوێندن بۆ هەر وانەیەک بەجیا پێکهاتووە.

### بەشە سەرەکیەکەی کۆسەرچاوەکانی پلانی خوێندن

بەشە سەرەکیەکەی کۆسەرچاوەکانی پلانی خوێندن، ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەو بەها و پرینسیپانە کامانەن کە کاریگەریی لە سەر پرۆسەی خوێندن و فێربوون هەیە. ئەمەش پەیوەندی بە خوێندن لە سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکانەوە هەیە.

ئەم بەشە سەرەکییەی کۆسەرچاوەکانی پلانی خوێندن، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە قوتابییەکان دەرفەت بۆ گەشەکردنی وشیاری ژینگەیی خۆیان، توانایی ڕەخنە گرانە و ئاگاهی ئەتیکییان وەربگرن. هەروەها قوتابییەکان دەبێت فێربن، کە مامەڵەی دیموکراتی لە پراکتیکدا چییە و چی دەگەیەنێت.

قوتابییەکان پلە بە پلە زانیاری و تێگەیشتنی بەردەوامیان گەشە پێدەرێت. دەبێت کاردانەوەیان لەسەر فێربوونی خۆیان هەبێت و بتوانن ئەوەی کە فێری بوون لە زەمینەی جۆراو جۆردا بەکاربهێنن.

قوتابییەکان دەبێت ڕاهێنان لە سەر دارشتنی پرسیارو دۆزینەوەی وەڵام بە تەنیا و لەگەڵ کەسانی تردا بکەن. قوتابییەکان دەبێت فێری پرۆسەی فێربوونن بن. هاوکاری، بیرکردنەوەی نوێ، داهێنان، توانایی هەڵسەنگاندن، لێکدانەوە، خەیاڵکردن و گەڕان و لێکۆڵینەوە گرنگن.



## پلانی خوێندن بۆ وانەکان

لە پلانەکانی خوێندنی وانەکاندا دیاریکراوە کە قوتابییەکان دەبێت لە ئاست و قۆناغە جیاوازەکاندا چی فێربن. هەر قوتابخانەیەک بڕیار لەسەر چۆنیەتیی کارکردنی قوتابییەکانی بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی پلانی خوێندن دەدات.

## هەڵسەنگاندن

قوتابیان دەبێت لە ساڵی یەکەمی خوێندنەوە لەلایەن مامۆستاکانیانەوە هەڵسەنگاندنی بەردەوامیان لە وانەکاندا بۆ بکرێت. ئەم هەڵسەنگاندنانە گرنگن بۆ قوتابییەکان، بۆ وەرگرتنی خوێندنی گونجێندراو، سەرەڕای ئەوەش دەبێت هەڵسەنگاندنەکان یارمەتی دەربێت بۆئەوەی قوتابی تێبگات کە چۆن خۆی بتوانێت بەباشترین شێوەی گونجاو فێرببێت. هەڵسەنگاندنی بەردەوام لە وانەکان و هەڵسوکەوت و ڕەفتاردا بەدرێژایی ساڵ بەقوتابیی ئەنجام دەدرێت،و هەڵسەنگاندنەکانیش بەشێوەی نووسراو و زارەکی ئەنجام دەدرێن.

هەڵسەنگاندنی قوتابییەکان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بە شێوەی نمرەدانان نییە. لە قوتابخانەی ناوەندی هەڵسەنگاندن بە نمرە و بێ نمرە دەبێت. سیستمی نمرە لە یەک هەتا شەشە و شەش باشترین نمرەیە. هەموو قوتابییەکان دەبێت کاری خۆیان، پێشکەوتنی خۆیان و توانای خۆیان هەڵبسەنگێنن، بەمەش دەوترێت خۆهەڵسەنگاندن.

## قوتابیانی خاوەن زمانێکی دایکی جیاواز لە زمانی نەرویجی

ئەو قوتابیانەی زمانێکی دایکی جیاوازیان هەیە لە زمانی نەرویجی و سامی، مافی خوێندنی تایبەتیان بۆ فێربوونی زمانی نەرویجی هەیە هەتا ئەوکاتەی فیری نەرویجییەکی وا دەبن کە بتوانن بچنە پۆلی ئاسایی و وانە ئاساییەکان بخوێنن. خوێندنی تایبەتی زمان، دەشێت سێ شت بگرێتەوە:

- خوێندنی تایبەتی فێربوونی زمانی نەرویجی_ سەعاتی تایبەت بۆ فێربوونی زمانی نەرویجیە.
- خوێندنی جوتزمانی لە وانەکاندا _ قوتابی بۆ تێگەیشتنی وانەکان یارمەتی بەزمانی دایک وەردەگرێت
- خویندن بە زمانی دایک_ قوتابی دەتوانێت زمانی دایک بخوێنیت
- قوتابخانە دەبێت هەڵسەنگاندنی دیاریکردنی ئاستی زمانی نەرویجی قوتابییەکان بکات، بۆ ئەوەی بزانرێت کە قوتابییەکە مافی خوێندنی تایبەتی زمانی هەیە یان نا. ئەگەر ئەنجامگیریی هەڵسەنگاندنەکە دەریخستکە قوتابی مافی خوێندنی تایبەتی زمانی هەیە، دەبێت بڕیاری تایبەت لەسەر ناوەرۆک و ڕادەی ئەم زمان فێربوونە تایبەتە بدرێت. تۆش وەکوو دایک و باوک، مافی تانەدانت لە بڕیارەکە هەیە.

### خوێندنی تایبەتی زمانی نەرویجی

ئەو  قوتابییانەی تازە هاتوونەتە نەرویج و زمانی نەرویجی باش نازانن، دەتوانن وانەی تایبەت بە فێربونی نەرویجی وەربگرن. پلانێکی فێربوونی تایبەت بەمە هەیە. پاش ئەوەی وردە وردە فێری نەرویجی دەبن، دەتوانن لەگەڵ کەمێک یارمەتیدا پەیڕەوی وانەی ئاسایی خوێندنی نەرویجی بکەن. ئامانج لە خوێندنی تایبەتی زمانی نەرویجی ئەوەیە، کە قوتابییەکە زمانی نەرویجی فێرببێت بۆ ئەوەی لە دەرەنجامدا پێویستی بە یارمەتی نەمێنێت و بچێتە پۆلی خوێندنی ئاساییەوە. لەوانەیە  ئەمە کاتی زۆر بخایەنێت، کە زۆرجار  بۆ فێربوونی تەواوەتی نەرویجی و  سوود وەرگرتنی تەواو لە هەموو وانەکان بە زمانی نەرویجی لە پۆلدا چەند ساڵێک دەخایەنێت.

### خوێندنی وانەی جووت زمانی

هاوکات کە قوتابی فێری نەرویجی دەبێت، دەبێت لە فێربوونی وانەکانی تریشدا بەردەوام بێت. لەوانەیە پێویست بکات کە قوتابییەکە بۆ تێگەیشتن لە وانەکان یارمەتی بە زمانی دایک وەربگرێت. مامۆستای وانە و مامۆستای جووتزمانە پێکەوە هاوکاردەبن لەوەی، کە قوتابییە دەبێت کەی چی شتێک بە زمانی دایک بخوێنیت و فێربێت. ئەمە پێی دەوترێت خوێندنی وانە بە دوو زمان. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە قوتابییەکە وانەکان بە هەردوو زمان دەخوێنێت و یارمەتی وەردەگرێت. ئە گەر پێویست بکات قوتابی مافی خوێندنی بە دوو زمان هەیە.



## خوێندن بە زمانی دایک

خوێندن بە زمانی دایک بریتییە لە فێربوون و خوێندنی زمانی دایک، وە ئامانج لەمە ئەوەیە کە ئەگەر قوتابی زمانی دایکی باشتر فێربوو، کار ئاسانی دەکات بۆ قوتابییەکە بۆ فێربوونی زمانی نەرویجی. قوتابخانە دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ قوتابییەکە بکات کە ئایا پێویستی بە خوێندنی زمانی دایک هەیە یان نا. ئەگەر قوتابخانەکە بۆی دەرکەوت، کە پێویستی پێیەتی، ئەوا قوتابیەکە مافی خوێندنی بە زمانی دایکی دەبێت.

## ڕەخساندنی هەلی سەرەتایی بۆ قوتابیانی تازە هاتوو

ئەم هەل و دەرفەتە تایبەتە بە فێربوونی زمانی نەرویجی پێش دەستپێکردن بە پۆلی ئاسایی و بۆ ئەو قوتابییانە دەڕەخسێندرێت، کە ماوەیەکی کورتە هاتوونەتە نەرویج. شارەوانی دەتوانێت هەلی سەرەتایی و ئامادەکاری بۆ قوتابییە تازە هاتووکان لە گرووپ و پۆل یان قوتابخانەی خۆیان ڕێک بخات. چوونە ئەو کلاس و خوێندنە ئازادانەیە بەڵام ئەو قوتابییانەی سەرەتا دەچنە ئەم کلاسانەوە باشتر دەتوانن فێرە نەرویجی بن و ئامادەبن بۆ ئەوەی دواتر بچنە پۆلی ئاساییەوە. خوێندن لەو بەرنامە سەرەتاییەدا زامنی تێکەڵاوبوون و ڕەخساندنی ژینەگەیەکی باشی فێربوون دەکات.



## وانەخوێندن لە دەرەوەی پۆل و قوتابخانە

لەهەموو ئاستەکاندا چوونە گەشت و سەردانی مۆزەخانە و هەروەها چالاکی جیاواز لە دەرەوەی پۆل شتێکی ئاساییە. ئەم وانە خوێندنە یەکسانە بەو وانە خوێندنەی کە لە ناو قوتابخانەدا دەخوێندرێت، و بەشداربوونیش بۆ هەمووان بەزۆرە.

لە زۆر قوتابخانە ئاساییە، قوتابییەکان بچن بۆ هەفتەی خوێندن لە دەرەوەی قوتابخانە (leier skole)، کە چەند رۆژێک دەخایێنێت و قوتابییەکانیش لەوێ بەشەو دەمێننەوە. مەبەستی چوونەکە ئەوەیە کە قوتابیان لە وانەکان و لە باری کۆمەڵایەتییەوە بەهێزتربن.

ئەم گەشتە کە قوتابخانە رێکی دەخات بێ بەرامبەرە. ئەگەر لەسەر گەشت و وهەفتەی خوێندن لەدەرەوەی قوتابخانە (leirskole) پرسیارێکت هەبوو دەتوانیت لە گەڵ مامۆستای ڕابەری پۆل قسە بکەیت و زانیاری زیاتر وەربگریت لەبارەی ئەوەی گەشتەکە یان هەفتەی خوێندن لەدەرەوەی قوتابخانە چۆن بەڕێوە دەچێت و پلانی بۆ دانراوە.

پرەنسیپی خوێندنی گونجێنراو لە خوێندنی وانەکانی دەرەوەی قوتابخانەش پیادە دەکرێت. کارێکی بەهادارە گەر هەموو قوتابییەکان بتوانن بەشداری بکەن. گرنگە بۆ قوتابییەکان بەشێوازی جۆراوجۆر فێربن و ئەم جۆرە گەشتانە گرنگی و کاریگەریی مەزنی بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی و پێکەوەیی لە پۆلدا هەیە. ئەگەر شتێک هەیە وابکات، گرانباری بۆ منداڵەکەت دروستبکات لە بەشداری کردنیدا، دەبێت لەگەڵ ڕابەری پۆلدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەسەر قسە بکەیت، بەشێوەیەک کەکار ئاسانی بۆ منداڵەکەت بکات.



## ئەرکی ئەنجامدانی وانەکانی قوتابخانە لە ماڵەوە

شتێکی ئاساییە کە قوتابیان دوای تەواوبوونی قوتابخانە ئەرکی خوێندنی ماڵەوە وەربگرن. ئەو ئەرکانەی قوتابییەکە وەریان دەگرێت پێشتر لە قوتابخانە و لە پۆلدا خوێندویەتی. دەبێت لە ماڵەوە جارێکی تر پێیایدا بچێتەوە ڕاهێنانیان تێدابکات.باش دەبێت گەر تۆش وەک دایباب بە گرنگییەوە هاریکاریی منداڵەکەت بکەیت لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوێندن لە ماڵەوە.

هەموو قوتابخانەکان ڕێکار و دەرفەتی یارمەتیدانی قوتابیانیان لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوێندندا هەیە. ئەوەی کام ئاست و قۆناغ دەرفەتی یارمەتی ئەرکی قوتابخانە وەردەگرێت لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر جیاوازە. لە هەندێک شارەوانی ئەم ڕێکارە لە لایەن ڕێکخراوە خۆبەخشەکانەوە ئەنجام دەدرێت. دەتوانیت لە قوتابخانەکە پرسیار بکەیت کە چ جۆرە ڕێکارێکیان بۆ یارمەتیدان لە ئەرکەکانی قوتابخانەدا هەیە.

## کاتی دەستبەتاڵی قوتابی

منداڵ و گەنجان لە کاتی قوتابخانەدا زۆر شت فێردەبن، بەڵام لە کاتی دەستبەتاڵی و دەرەوەی کاتی قوتابخانەشدا فێر دەبن.

### (SFO)سیستمی پێش و پاش خوێندن لە قوتابخانە

هە موو قوتابخانەیەک، سیستمی پێش و پاشی خوێندنی لە قوتابخانە (SFO) بۆ قوتابیانی ئاستی ١ هەتا ٤ هەیە. سیستمی پێش و پاشی خوێندن لە قوتابخانە، دەرفەتێکە بۆ ئاگالێبوون و سەرپەرشتی و چالاکییەکانی کاتی دەست بەتاڵی لە کاتی پێش و پاش قوتابخانە. سیستمی SFOی قوتابخانە لە هەموو شارەوانییەکدا بە خۆڕایی نییە، بەڵام لە هەندێک شارەواندا بەخۆڕاییە.

## چالاکییەکانی کاتی دەستبەتاڵی

زۆربەی منداڵان و گەنجان لە چالاکییە ڕێکخراوەییەکاندا لە کاتی دەستبەتاڵیدا بەشداری دەکەن و ئەمەش زەمینەیەکی باش دەڕەخسێنێت بۆ زیاتر فێربوون. ئەگەر هاوڕێیانی قوتابخانە ئارەزووەیەکی هاوبەشیان هەبێت، دەتوانن ساناتر هاوڕێ بگرن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی باش بۆ قوتابییەکان. دایبابان ڕۆڵێکی گرنگ لە چالاکی منداڵەکانیان لە کاتەکانی دەستبەتاڵیدا دەگێرن. زۆر جار دایک و باوکان لە هێنان و بردنی منداڵاکانیان بۆ ڕاهێنانەکان و بۆ بەشداری کردنیان لە چالاکیە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکاندا هاوکاری یەکتر دەکەن.  زۆرێک لە دایک و باوکان دەبنە ڕاهێنەر یان بە شێوەی جیاواز یارمەتی دەدەن، بەو شێوەیە منداڵاکانیان لە چالاکییەکانی کاتی دەستبەتاڵیدا بەشداری دەکەن. شتێکی باشە گەر دایبابان پێکەوە دەربارەی ڕێکار و چالاکییەکانی کاتی دەستبەتاڵی قسە بکەن. زۆربەی مامۆستاکان زانیارییان هەیە کە قوتابییەکانیان لە چ جۆرە چالاکیەکدا بەشدارن.

## یادی جەژنی لەدایکبوون

بانگهێشکردن بۆ یادی ڕۆژی لە دایکبوون دیاردەیەکی ئاساییە، بەتایبەت بۆ ئەو منداڵانەی کە لە قوتابخانەی سەرەتایین. هەندێک لە منداڵەکان حەساسیەتیان هەیە، یان لە خواردندا خوو و نەریتی تایبەتیان هەیە، کە ئەمەش وادەکات بەشداری کردنیان لەو بۆنانەدا زەحمەتتر بێت. ئەگەر منداڵەکەت بەرگەی هەندێک خواردن ناگرێت و پێی ناکەوێت، گرنگە کە پێش ڕۆژی یادی لەدایکبوونە دایک و باوکی ئەو منداڵە ئاگاداربکرێتەوە کە ئاهەنگەکەی بۆ دەگێڕن. شتێکی ئاساییە کە منداڵ دیارییەک لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆ ئەو کەسەی کە یادی ڕۆژی لە دایکبوونیەتی. بیرۆکەیەکی باشە گەر پێشوەختە لەبارەی ڕۆژی لە دایکبوون و هاوڕابوون لەسەر ئەو دیارییەی کە دەبرێت قسە بکرێت، ئەمەش لە کۆبوونەوەی دایکان و باوکاندا تاوتوێ دەکرێت. گرنگیشە بیر لەوە بکەیتەوە،کە  هەمووان بانگهێشت بکرێن و کەس نەکەوێتە دەرەوەی ئەم جۆرە یادانەوە.



# ڕێنمایی و بەردەوامی لە خوێندن

## مافی ڕێنمایی پەروەردەی کۆمەڵایەتی

پێویستە قوتابخانە ڕۆڵی هەبێت لە گەشەپێدانی کەسایەتی و کۆمەڵایەتیی قوتابی و گەشەکردنی پیشەیی و خوێندن. ڕاوێژکاری ئەم ڕێنماییە پەروەردە کۆمەڵایەتییە دەبێت یارمەتی قوتابی بدات بۆ دۆزینەوەی شوێنی گونجاوی خۆیان لە قوتابخانەدا. ئەمەش یارمەتی ئەو قوتابییانە دەدات کە گیرۆدەی کێشەی کەسایەتی یان کۆمەڵایەتی یان خۆشەویستین ،کە کاریگەری دەبێت لەسەر خوێندنی قوتابی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەدا. یارمەتییەکەش پێکهاتووە لە ڕوونکردنەوەی کێشەکان و قەبارەکەی، وە ڕوونکرنەوەی ئەوەی کە قوتابخانە تا چ ئاستێک دەتوانێت یارمەتیدەر بێت، هەروەها قوتابی دەتوانێت یارمەتی لەدەرەوەی قوتابخانەش وەربگرێت.

ڕاوێژکاری پەروەردەی کۆمەلایەتی دەتوانێت هاوکار بێت لە دۆزینەوەی لایەنە پەیوەندیدار و یارمەتیدارەکان لەم بوارەدا.



## ڕێنماییکردنی خوێندن و پیشە

لە قوتابخانە ناوەندی دەبێت زانیاری بە قوتابیان و دایکان و باوکان بدەن کە چ جۆرە خوێندنیک لە قوتابخانەی ئامادەیی داوابکەن.

ڕێنماییکردنی خوێندن و پیشەیی دەبێت یارمەتی قوتابیەکان بدات بۆ بە ئاگابوون لە بەهاکان و حەز و مەرجە پێش وەختەکانی خۆیان. ئەمەش وا لە قوتابی دەکات کە خۆی باشتر بناسێت و پەرە بە تواناکانی بۆ هەڵبژاردنی خوێندن و پیشە بدات.

ڕاوێژکارەکان دەبێت یارمەتی قوتابییەکان بدەن لە هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی بژاردەکانیان و ئەو دەرەنجامانەی لە بژاردەکانیان دەکەوێتەوە ئەمەش بۆ ڕێگریکردن لە هەڵبژاردنی خوێندن یان پیشەی هەڵە.

قوتابییەکان پێویستە زانیاری و ڕێنمایی وەربگرن لەسەر :

- هەڵبژاردنی پیشەکان
- دەرفەتی خوێندن لە نەرویج و وڵاتانی تر

- بازاڕی کار لەسەر ئاستی نەتەوەیی و  نێونەتەوەیی
- بەکارهێنانی کەرەستەی ڕێنماییکردنی جۆراوجۆر

## گواستەنەوە بۆ قوتابخانەی ئامادەیی

ئەو  قوتابیانەی قوتابخانەی بنەڕەتی تەواو دەکەن، مافی خوێندنیان لە قوتابخانەیی ئامادەیی هەیە. لەکاتێکدا کە قوتابیان لە پۆلی ١٠ دەخوێنن دەتوانن داوای خوێندنی ئامادەیی دەکەن.

ئەو قوتابیانەش کە دێنە نەرویج و لە کۆتا قوناغی ناوەندیدان، دەشێت پێش دەستپێکردنیان بە خوێندنی ئامادەیی پێویستیان بە خوێندنی بنەڕەتی زیاتر بێت. هەندێک شارەوانی ساڵێک خوێندنی زیادە لە قوتابخانەی بنەڕەتیی پێشکەش دەکات. لە هەندێک شوێنی تر قوتابییەکان دەتوانن بچنە خوێندنی بنەڕەتی بۆ گەورەساڵان یان لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی لە بەشی ڕەخساندنی هەل و ئامادەکاریی بخوێنن. لە زۆر شوێن بەم بەشانە دەوترێت پۆلە تێکەڵەکان، لەوێ لە قوتابخانە ئامادەییەکەدا دەتوانن خوێندنی زیاتری قۆناغی ناوەندی بخوێنن.



Dette heftet er utarbeidet av

Nasjonalt senter for flerkulturell opplæring (NAFO), nafo.oslomet.no

i samarbeid med

Foreldreutvalget for grunnopplæringen (FUG), fug.no

Alle illustrasjonsbilder er fra Shutterstock.com